

# پیتە جوانەمەرگبووەکان

ناڵە حەسەن

**ك**

**کورەیەك لە نێو خەونەکانم**
**هەموو شەوێ**
**سەری پەنجەکانم و قەڵەمەکەم و**
**دەمارەکانی بیرکردنەوەم، دەسووتێنێ**
**کەوێك لە بناری شاخەکانی دڵم**
**بۆم دەخوێنێ.**
**من لەوەتەی هەم،**
**هەموو شەوێ لە نێو خەونەکانم**



جوانەمەرگ دەبم
مەرگێکی ئارام، مەرگێکی شێنەیی
لە گەڵ وەرزەکانی تەمەنم
گەورە دەبێ... !

و
وێنەیەك لە وێنەکانی خوا
لە نێو پیتە جوانەمەرگبووەکانی یادگاریم
دۆزییەوە.
ئاخێکم هەڵکێشاو ووتم
دەبێ رۆژێك دابێ و منیش
وێنەی ماڵەکەی خۆم
لە پەنا ئەستێرەیەك
یان لە باوەشی شەپۆڵەکان
بدۆزمەوە... ؟!!

ر
رووبارێك،
بە هێمنی لە گەڵ خۆیدا دەمبا
دەمبا دەمبا دەمب
دەمبا دەمبا دەمبا
دەمبا دەمبا دەمبا
منیش هەر لێی رادەمێنم
تا بە پەرستگەکانی عەشق و
گۆرستانی پیتە جوانەمەرگبووەکانی
نێو شەوە شیعراوییەکانی خەیاڵم
دەسپێری... !

د
دەنگ دەنگ دەنگ
رەنگ رەنگ رەنگ
نە دەنگ هەیە، نە رەنگ
هەر دەڵێی مرۆڤەکان
لە گەڵ پیتەکاندا مردوون

هەر دەڵێی باڵندەکان
لە باوەشی،
ئەستێران و بروسکەدا خەوتوون.
ئەم دنیایە چەند کشومات و بێدەنگە
دەریاکان و تاڤگەکان و رەشەباکان
چەند بێدەنگن بێدەنگ... !
هەر دەڵێی لە نێو چاوەکانی
پیتە جوانەمەرگبووەکاندا خەوتوون... !

س
سێوێکی حەرام
حەرام حەرام حەرام
حەرامترین سێوی مەملەکەتی غوربەتم خوارد
تا ئێستا،
سیٚ هەزار و سیٚ سەد و سی و سیٚ سێوی
حەرامم خواردووە.
بەڵام من بە پێچەوانەی ئادەم
تا سێوە حەرامەکان بخۆم
زێتر بە قووڵایی ئەم غوربەتخانەیە
دەچمە خوارەوە... !

ت
تاوسێك
رەنگینتر لە میوەجاتەکانی بەهەشت
نەخشینتر لە روخسارە ئێستێتیکیەکەی ئاگر
لە نێو وەرزەکانی تەمەنم
باڵەکانی خۆی دەکاتەوە و لە گەڵ خۆیدا
بە نێو سێبەرە شینەکانی خەیاڵ
دەمفرێنیٚ... !

ا
ئاوی نێو لەشی ژنێکی هەورین
وەکو باران بە سەر
کێڵگە و دارستان و باخ و بێستانەکانی

ڕۆحم دا دەبارێ
دوای توانەوە منیش دەرژێمەوە نێو دەریاکان
لە وێندەرێش جارێکی تر دەتوێمەوە
هەر /
دەتوێمەوە دەتوێمەوە دەتوێمەوە
تا وون دەبم... !

ن
نامەیەکم بە دەست گەیشت
هیچ ناونیشانی لە سەر نەبوو
لە نێو نامەکەدا
پیتەکان بە جوانەمەرگبوویی خەوتبوون
وشەکان بۆنی فرمێسکی گوڵیان لێ دەهات
پیتەکان بەرلە مردنیان
ئەم مەسیجەیان بۆم ناردبوو

(ئێرە وێستگەیەکە بۆ مردن
ئێرە وێستگەیەکە بۆ عەشق
ئێرە وێستگەیەکە بۆ ژیان
لێرەدا، بە ئارامی
جووت ببن عەشق بکەن سەما بکەن
ئێرە ماڵمانە ماڵ ... ! ) .

کەنەدا: ئەیلوولی 2005

Nala_kholia@hotmail.com